# فەرهەنگسازی لە هەندێ شیعری کوردیدا

م.ی.امیر محمد محمدامین        م.مستەفا سەید مینە مستەفا

زانکۆی ڕاپەڕین

فاکەڵتی پەروەردەی قەڵادزێ

بەشی زمانی کوردی

**پێشەکی:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (**فەرهەنگسازی لە هەندێ شیعری کوردیدا**)یە، توێژینەوەیەکە باس لە ڕۆڵی شیعری کوردی دەکات لە دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردیدا، کە چۆن شاعیرانی کورد شان بەشانی وشەی ڕەسەنی کوردی، وشەی نوێ لە شیعرەکانیاندا بەکاردەهێنن و وشەکاریش لە شیعرەکانیاندا دەکەن. ئەمەش وادەکات، کە فەرهەنگسازی ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە کۆکردنەوە و ناساندنی ئەم وشە کوردییانە و دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ئەم ڕێبازەی، کە بۆ ئەم توێژینەوەیە بە پێویست زانراوە، ڕێبازی وەسفی شیکارییە، واتە بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیە ئەم ڕێبازە پەیڕەوکراوە.

**سنوری توێژینەوەکە:**

سنوری ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی زمانی کوردیی دیالێکتی ناوەڕاستدایە، بۆ بە ئەنجام گەیاندنی توێژینەوەکە بە نموونە هەندێ شیعری شاعیرانی وەرگرتووە، بە پێی پێویستی توێژینەوەکە.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە پێشەکییەك و دوو بەش و ئەنجام و سەرچاوە و پوختە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی، بەم شێوەیە:

**پێشەکی**

**بەشی یەکەم،** پێکهاتووە لە: هەندێ لایەنی فەرهەنگسازی، دەروازە، پێناسەی فەرهەنگسازی، مێژووی فەرهەنگسازی، فەرهەنگسازی لە ڕووی هونەرەوە، فەرهەنگسازی لە ڕووی زانستەوە، جۆرەکانی فەرهەنگ، دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ، شێوەکانی فەرهەنگ.

**بەشی دووەم** پێکهاتووە لە: هەندێ لایەنی فەرهەنگسازی و شیعری کوردی، مێژووی فەرهەنگسازی کوردی، وشە، پەیوەندییە واتاییەکانی فرەواتا، پەیوەندییە واتاییەکانی هاوبێژی، فەرهەنگی شیعری کوردی، لە کۆتاییدا ئەنجام و سەرچاوەکان و پوختە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

## بەشی یەکەم

### ١-١ هەندێ لایەنی فەرهەنگسازی:

### ١-١-١ دەروازە:

هەموو زمانێك لە ژمارەیەك هێمای زمانی پێكهاتووە، هەڵبەتە لە نێو ئەم هێما زمانیانەشدا، وشە هەیە. فەرهەنگسازیش لە لێكدانەوە و شیكردنەوەكانیدا، وشە بە كەرەسەیەكی سەرەكی خۆی دەزانێت، هەر بۆیە لە كاتی گەڕانی هەر وشەیەك لە زمانێكدا، بە زمانی كوردیشەوە، دەكرێت لە فەرهەنگدا بۆی بگەڕێت و بیدۆزیتەوە.

دیوانی شاعیرانیش سەرچاوەیەكی تری وشەكانی زمانن، واتە وشەكانیان لە نێو شیعرەكاندا هەڵگرتووە و لە فەوتان پاراستوویانە، كە دەكرێت هەر دیوانێك بە فەرهەنگێك لە قەڵەم بدرێت، سەردەم بە سەردەم و قۆناغ بە قۆناغ وشەكانی زمانیان لەخۆ گرتووە، ئەمەش وادەكات مۆركی وشەكان بپارێزێت و بە نەوەی نوێ بناسێنێت. كەواتە فەرهەنگ و شیعر دوو سەرچاوەی گرنگن بۆ وشەكانی زمان، ئەم وشانەش لە سەردەمێكەوە بۆ سەردەمێكی تر گۆڕانیان بەسەردادێت، یاخود لە بەكارهێناندا دەوەستن. كەواتە فەرهەنگ و شیعر لە پاراستنی وشەدا تەواوكەری یەكترن.

### ٢-١ پێناسەی فەرهەنگسازی:

فەرهەنگسازی لكێكە لە زمانەوانی كارەكی، بەمشێوەیە فەرهەنگسازان كار لە سەر هێما زمانییەكان دەكەن و ئەم هێما زمانیانەش سەر بە زانستی زمانن، هەربۆیە تاكو ئێستا ژمارەیەك پێناسە بۆ ئەم زانستە كراوە، لەوانە (( فەرهەنگسازی لقێكە لە زمانەوانی و گرنگی بە لێكۆڵینەوەی تاكە وشەكان دەدات و شییان دەكاتەوە لە واتای فەرهەنگیان دەكۆڵێتەوە و پۆلێنیان دەكات، وەك ئامادەباشیەك بۆ دانانی فەرهەنگ.)) ( عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١١، ١٧)، كەواتە پێش ئەوەی بەرهەمێكی فەرهەنگی بەئاكام بگات، فەرهەنگسازی توێژینەوە و لێكدانەوە لەسەر وشەكان دەكات و لە واتای فەرهەنگیان دەكۆڵێتەوە و بە شێوەیەكی ڕیزبەندی ڕێكیان دەخات، یاخود ( فەرهەنگسازی ئەو زانستەیە، كە گرنگی بە دیاریكردنی واتای وشەكان و چۆنیەتی دركاندن و بەكارهێنان و داڕشتنی وشەكان دەدات.) ( شێرزاد سەبری عەلی و عەبدوسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا: ٢٠١١ ،٢٠٣ )، هەروەها فەرهەنگسازی توێژینەوە لە سەر چۆنیەتی گۆكردنی وشەكان دەكات و بایەخ بە لایەنی ڕۆنانی وشەكان دەدات، دانە دانە واتای وشەكان دیاری دەكات.

فەرهەنگسازی (ئەو زانستەیە كە توێژینەوە لە بارەی وشەكانی زمان دەكات و لە لایەنی مێژوویی و داڕشتن و ڕۆنان و جۆرەكانی پەیوەندی نێوان وشە و واتاكانی و خودی وشە دەكۆڵێتەوە.) ( سەنكەر عەلی مامە: ٢٠١٣،٤)، كەواتە فەرهەنگسازی وەكو زانستێك كار لەسەر وشە دەكات، لە ڕووی پێكهاتە و داڕشتن و گەشە و گۆڕانی واتاكانی وشە دەكۆڵێتەوە، گرنگی بە فرەواتا و هاوبێژی و وشەكانیش دەدات و ڕونیان دەكاتەوە. كەواتە وشە بەردی بناغەی دانانی فەرهەنگە، هەڵبەتە ئەم زانستە بایەخ بە لایەنی مێژوویی وشە دەدات و فەرامۆشی ناكات.

دواجار فەرهەنگسازی كار بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمێك دەكات، ئەویش پێی دەگوترێت (فەرهەنگ). بۆ ئەوەی بزانرێت فەرهەنگ لە چی پێكهاتووە بە پێویست زانراوە، هەندێ پێناسە سەبارەت بە فەرهەنگ بخرێتەڕوو، ( فەرهەنگ بریتییە لەو كتێبەی كە ژمارەیەكی زۆر لە وشەی زمانێكی دیاریكراوی تێدایە، كە

بەشێوەی ئەلفبای ئەو زمان، وشەکان ڕیزکراون، یەك بەدوای یەك و شیکردنەوەی واتایی ئەو وشانە لە بەرانبەریدا نوسراوە.) (محمد حسن عبدالعزیز: ١٩٨٣، ١٠٣)، کەواتە هەر زمانێك خاوەنی فەرهەنگێکی خۆیەتی و لە چوارچێوەی کتێبێکدا وشەکانی کۆکردۆتەوە و پۆلێنی کردوون و بەشێوەی ئەلفبای زمانەکە خۆی ڕێکیخستۆتەوە و واتای وشەکانی لێکداوەتەوە و وشەکانی لەم فەرهەنگەدا پاراستووە، یاخود ( فەرهەنگ کتێبێکە کە وشەکانی زمانی تێدا شیکراوەتەوە و داڕێژراوە و شێوەی درکاندنی دیاریکراوە.) (شێرزاد سەبری عەلی و عەبدوسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا:٢٠١١ ، ٢٠٥ ). بەمشێوەیە دانانی فەرهەنگ بۆ هەر زمانێك پێویستە، چونکە وشەکانی لە فەوتان و لەناوچوون دەپارێزێت و نەوەکانی پێ ئاشنا دەکات و شێوازی گۆکردنیان بۆ ڕووندەکاتەوە.

### ١-٣ مێژووی فەرهەنگسازی:

هەر نەتەوەیەك خاوەن زمانێکی تایبەت بەخۆیەتی، ئەم زمانەش لە ژمارەیەك هێمای زمانیی پێکهاتووە، کە گوزارشت لە کەلتور و مێژووی نەتەوەکە دەکات، هەربۆیە فەرهەنگسازی وەکو هەر زانستێك لە زانستەکانی تر، بۆتە جێگەی بایەخی میللەتان، تاوەکو لەم ڕێگەیەوە بتوانن لە واتای یەکەکانی زمانەکەیان بگەن و قۆناغی بەکارهێنانی ئەم یەکە زمانیانە بناسنەوە.

بەمشێوەیە ئاشوورییەکان بایەخیان بە زمانەکەی خۆیان، کە ( ئەکەدی ) بوو، لە ڕووی یەکەی زمانی و ڕێزمان دەدا و شارەزاییان لە بواری فەرهەنگسازی بە (١٠٠٠) ساڵ لە پێش عەرەبەکاندا هەبووە، هەرچی چینیەکان بوون هەر لە کۆنەوە فەرهەنگیان ناسیوە و زۆر فەرهەنگیشیان داناوە، هەندێ فەرهەنگیان بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بەپێی واتا ڕێکخستووە و هەندێکی تریشیان بەپێی وێنە ڕێکخستووە، هەندێ لەم فەرهەنگە چینیانە، ئەمانە بوون: فەرهەنگی هۆشین ( ١٥٠پ.ز )و فەرهەنگی یوبیان ( ٥٣٠پ.ز )و فەرهەنگی هوڤیان ( ٥٨١-٦٠١زایینی )، هەروەها یۆنانییەکانیش شارەزاییان لە فەرهەنگدا هەبووە و بایەخیان بە وشە داوە، هەندێ لە فەرهەنگی یۆنانییەکانیش ،ئەمانەن: فەرهەنگی یولیوس بولکس و فەرهەنگی هلادیۆس کە لە سەدەی چوارەمی زایینی لە چاپ دراون، هەروەها هیندیەکانیش خاوەنی فەرهەنگی ( ئەمارئاکاکا )ن، کە مێژووەکەی بۆ سەدەی پازدەهەم دەگەڕێتەوە، کەچی عەرەبەکان تاکو هاتنی ئایینی ئیسلام بایەخیان بە فەرهەنگ نەداوە و نەشیان ناسیوە، لەگەڵ هاتنی ئایینی ئیسلام ، لەبەر هۆکاری ئایینی پێویستیان بە واتای وشەکان بوو، هەر لەبەر ئەمەش دروستکردنی فەرهەنگی عەرەبی لە سەدەی یەکەمی کۆچی بەرانبەر حەوتی زایینی دەستپێدەکات، تاکو لەم ڕێگەیەوە ڕاڤەی قورئان و فەرموودەکانی پێ بکەن.(جودت جقمقجی:١٤٢٧ ه،؟)، کەواتە میللەتان لە دێر زەمانەوە فەرهەنگیان ناسیوە و بایەخیان بە فەرهەنگ داوە، بۆ ئەوەی هێما زمانیەکانیان تێدا تۆمار بکەن و لە فەوتان بیانپارێزن و نەوەکانی داهاتوویان پێ ئاشنا بکەن، یاخود وەکو عەرەبەکان بۆ لێکدانەوەی وشەکانی قورئان و فەرموودە، گرنگیان بە فەرهەنگ داوە، تاکو بە ئاسانی لە وشەکان بگەن.

### ١-٤ فەرهەنگسازی لە ڕووی هونەرەوە:

هەندێ لە فەرهەنگسازان، فەرهەنگسازی وەکو هونەر تەماشا دەکەن، نایخەنە خانەی زانستەوە، بۆچوونەکانیان لە ڕوانگەی هونەرەوەیە، لەمبارەیەوە ( کۆف )ی فەرهەنگساز دەڵێت:( دروستکردنی فەرهەنگ نەبوویتە کارێکی زانستی، لەوانەشە لە داهاتووشدا نەبێتە بە کارێکی زانستی، لەبەرئەوە هونەرێکی ئاڵۆز و ورد

و ناخۆشە، هەنـدێ جاریش پێویسـتی بـە شـیکردنەوەی کەسـی و بڕیـاردان و خەمڵانـدن هەیـە.) (محمـد حسـن عبدالعزیز:١٩٨٣، ١٠٢) بەمشێوەیە بە ڕای ( کۆف ) دانانی هـەر فەرهـەنگێك، دەبێت هونەریانـە لێکدانـەوە و شرۆڤەی بـۆ بکرێـت، هـەر لەبەرئەمـەش بـە هونـەرێکی ورد و تێکەڵاوی دانـاوە، چـونکە دەبێـت لێکدانەوەیـەکی وردی لە سەرجەم لایەنەکانەوە بۆ بکرێت.

هەروەها دکتۆر محەمەد حەسەن عەبدولعەزیز لە لاپەڕەی (١٠٢)ی کتێبی (مدخل الي علـم اللغـة )دا ئامـاژە بـەوە دەکات، کـە لەگەڵ ئـەوەی کاری فەرهەنگسازی لـە گـرنگترین کارەکـانی بـواری زمانـەوانی کارەکییـە، بـەڵام دروستکردنی فەرهەنگ کارێکی زانستی نییە، بەڵکو کارێکی هونەرییە، لە بەرئەوە ناتواندرێت بـە هـیچ ڕێگایـەکی بابەتی پابەندبێت، هەروەکو زمانەوانی نوێ پەیڕەوی دەکات.(هەمان سەرچاوە )، کەواتە لێرەدا هەسـت بـە لایـەنی جیـاوازی دەکرێـت، چـونکە فەرهەنگسازی سـەر بـە بـواری زمانـەوانی کارەکییـە، ئـەوا بـۆ ئەمڕۆکـە، زمانـەوانی کارەکی وەکو زانست هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت و لە ڕوانگەی زمانەوانی نوێوە توێژینەوەی لەسەر دەکرێت.

**٥-١ فەرهەنگ لە ڕووی زانستەوە:**

لێـرەوە هەنـدێ لـە زمانـەوانان و فەرهەنگسـازان لـە ڕوانگـەی زانسـتەوە تەماشـای فەرهەنگسـازی دەکـەن و بیروڕاکانی خۆیـان دەخەنـە ڕوو، هـەر بەمشێوەیە ئامـاژەی بـۆ کـراوە. فەرهەنگسـازی بریتییـە لـە لێکۆڵینـەوەی زانستی بۆ فەرهـەنگ، یـاخود لێکدانـەوەی یەکەکانـە، و جـەخت لەسـەر خوێندنـەوە و ڕوونکردنـەوەی فەرهـەنگ دەکـــات، بـــەپێی ڕێگـــاو بنـــەماکانی زمانـــەوانی نـــوێ.(جـــرجس میشـــال جـــرجس، ؟، ١٩٥)

لێرەدا فەرهەنگسازی بەشێکە لە زانست و توێژینـەوە و لێکدانـەوەکان بـۆ ئـەم زانسـتە بەشێوەیەکی وەسفی و ئێستاییە، کـە ئەمـەش ڕێچکەیەکی زانسـتی و سـەرەکی زمانـەوانی نوێیـە، کـە پـەیڕەوی دەکات. سـەبارەت بـە زانسـتبوونی فەرهەنگسـازی، دێڤیـد کریسـتاڵ دەڵێـت: (فەرهـەنگ نووسـین هونـەر و زانسـتە و دروسـتکردنی فەرهـەنگێکی زمانییـە، ئـەم فەرهـەنگی زمانییـەش کتێبێکـی بنچـینەییە، کـە وشـەکانی یـەك زمـان یـان چـەند زمانێکی تێدایە، کە بە شێوەی ئەلف بـایی ڕێکخـراوە و هەنـدێ زانیـاری تێدایـە، وەکـو( ڕێنـوس، درکانـدن، بـاری ڕێزمانی، واتا، مێژوو ) شێوازی بـەکارهێنان ڕوون دەکاتـەوە.)( شـێرزاد سـەبری عـەلی و عەبدوسـەلام نەجمەدین عەبـدوڵڵا:٢٠١١، ٢٠٣-٢٠٤ )، بەمشـێوەیە سـەرەڕای زانسـتبوونی فەرهەنگسـازی، دەبێـت لـە ڕوانگـەی هونەریشـەوە سـەیربکرێت، لـە کـاتی دانـانی هـەر فەرهـەنگێك، کەواتـە کارە زانستییەکان لایەنـە هونەریـەکانیش لەخۆ دەگرن و یەکتری تەواو دەکەن بۆ بەئاکام گەیاندنی بەرهەمێکی زانستی پوخت.

**٦-١ جۆرەکانی فەرهەنگ:**

سـەبارەت بـە جۆرەکـانی فەرهـەنگ، کـە چـەند جـۆری هەیـە، لێـرەدا دەکرێـت ئـەوە بگـوترێت، کـە فەرهـەنگ بـەپێی پێویستی، زۆر جـۆری هەیـە، بـەڵام بەشـێوەیەکی گشـتی جۆرەکـانی فەرهـەنگ دابـەش دەبـن بـۆ سـەر دوو جۆری سەرەکی، ئەوانیش پێکهاتوون لە فەرهەنگی گشتی و فەرهەنگی تایبەتی.

**١-٧-١ فەرهەنگی گشتی :**

کە باس لە فەرهەنگی گشتی دەکرێت. ئەم جۆرە فەرهەنگانـە بـە بابـەتێکی تایبـەتـەوە نەبەسـتراوەتەوە، وەکـو فەرهـەنگی ( الوسـیط )، کـە کـۆڕی زمـانی عـەرەبی لـە قـاهیرە دەریکـردووە.( محمـد حسـن عبـدالعزیز:١٩٨٣، ١٠٣)، کەواتە لە فەرهەنگی گشتیدا، هـەموو وشـەکانی زمـان دەکرێـت، ئامـاژەی بـۆ بکرێـت و تایبـەت نییـە بـە

بوارێکی تایبەتی، هەر لە بەر ئەمەشە ئەم جۆرە فەرهەنگە بە فەرهەنگی گشتی ناودەبرێت. زمانی کوردیش لەم جۆرە فەرهەنگانەی هەیە، بۆ نموونە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە عبدالرحمن شرفکندی ( هەژار ۱۳۷٦)، هەتاوی.

## ١ -٧-٢ فەرهەنگی تایبەتی:

سەبارەت بەم جۆرە فەرهەنگە. فەرهەنگێکی پسپۆڕییە، کورتکراوەتەوە لە بوارێکی دیاریکراودا، وەکو فەرهەنگی جوگرافی و فەرهەنگی فەلسەفی و فەرهەنگی ئابوری. (هەمان سەرچاوە). فەرهەنگی تایبەتی دەکرێت، بە فەرهەنگی پسپۆڕیش ناوبنرێت، چونکە تایبەتە بە بوارێکی پسپۆڕییەوە، زمانی کوردیش لەم جۆرە فەرهەنگە پسپۆڕیانەی هەیە، بۆنموونە، فەرهەنگی قانونی، نوری تاڵەبانی ۲۰۱٤ز.

هەروەکو لە پێشتردا ئاماژە بەوە کراوە، کە گەلێك جۆری تری فەرهەنگ هەن، بەڵام لێرەدا ئاماژە بە ژمارەیەکی تری لە جۆری فەرهەنگ دەکرێت. دکتۆر جودت جقمقجی لە کتێبی ( المعاجم اللغوية ) دا بەم شیوەیە جۆرەکانی فەرهەنگی دەستنیشان کردووە، کە ئەمانەن: فەرهەنگی زمانەوانی گشتی، فەرهەنگی وەرگێران، فەرهەنگی بنچینەیی، فەرهەنگی پسپۆڕی یاخود بابەتی، فەرهەنگی ئەلیکترۆنی، پرۆگرامی فەرهەنگی بەکارهێنان لە بژمێری (حواسیب) کەسی، پۆلێنکردنی دەروازە لە فەرهەنگدا، فرە دەروازەیی لە فەرهەنگدا، کورتکراوەکان لە فەرهەنگدا، چۆنیەتی گەڕان لە فەرهەنگدا. (جودت جقمقجي:١٩٤٨ه،؟ ) بەمشیوەیە، چونکە زمان لە گەشەو گۆڕاندایە، دەکرێت جۆرەکانی فەرهەنگ لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر لە زیادبوندابن، بۆنموونە بە هۆی جیهانگەرایی، جۆری فەرهەنگی کۆمپیتەری و فەرهەنگی ئینتەرنێتی ئەمرۆ پێگەیەکی گرنگیان لە بواری فەرهەنگسازیدا داگیرکردووە و زمانی کوردیش خاوەنی ئەمجۆرە فەرهەنگانەیە.

## ١-٨ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ:

هەر تاکە زمانێك سەرەڕای هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە وشەی بنچینەیی خۆی، بە هۆی پێداویستی ژیانی ڕۆژانە و گەشە و گۆڕانی زمانەکە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر، بە ڕێگەی جۆراوجۆر پێویستی بە هێنانە ناوەوەی وشە هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی زمانەکە و پڕکردنەوەی پێداویستی ڕۆژانەی خۆی.

لێرەدا ئاماژە بە هەندێ ڕێگەی وەرگرتنی وشە دەکرێت، ئەم ڕێگەیانەش پێکهاتوون لە:( ڕێگەی وەرگرتن، ڕێگەی داتاشین، ڕێگەی دارشتن، ڕێگەی وەرگێران، ڕێگەی پێوانە، ڕێگەی خوازە ( مجاز )، ڕێگەی لێکدان)[1]

## ١-٨ - ١ ڕێگەی وەرگرتن (Borrowing ):

هەموو زمانەکانی جیهان بەهۆی پێداویستیان لە سەرجەم بوارەکانی ژیان وشە لە زمانەکانی تر وەردەگرن و

[1] بڕوانە: ( ڕۆژان نوری عبدالله: ۲۰۰۷، ۱۲۹ - ۲۲٥ )،( شادمان سالار نەریمان:۲۰۰۸ ، ۳۳-٤۲ )،(عەبدولواحید موشیر دزەیی: ۲۰۱۱ ،٥۳- ٦۳ )،( شەهاب شێخ تەیب تاهیر۲۰۱۲ ، ۲٤۳-۲٥۷ )،( کامیل حەسەن بەسەر: ۲۰۱۳ ،۲۳-۳۸ ).

پێداویستی خۆیان پێ پڕدەکەنەوە، کاتێك وشەیەك لە زمانێکدا بۆ زمانێکی تر وەردەگیرێت، دەکەوێتە ژێر کاریگەری یاسا فۆنۆلۆجیەکانی ئەم زمانە و وشەکاشی گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆ نموونە وشەکانی ( زکاة، عثمان، طماطة )ی عەرەبی، کە هاتونەتە ناو زمانی کوردی بەتایبەتی لە شێوەزاری هەولێردا بوونەتە ( سکات، عوسمان، تەماتە ). ( ئەم وەرگرتنەش بەهۆی دەستکارییەوە یان بێ دەستکاری بەکاردێت.)(شەهاب شێخ تەیب تاهیر٢٠١٢ ، ٢٥٧)، کەواتە دەشکرێت هەندێ وشەش بە بێ دەستکاریەوە بە ڕێگەی وەرگرتنەوە بێتە ناو زمانەکەوە و سودی لێ وەربگیرێت و زمانەکەشی پێ دەوڵەمەند بکرێت، بۆ نموونە: فەیسبووك، کۆمپیوتەر، داتا...هتد .

### ١-٨ - ٢ ڕێگەی داتاشین ( Engraving ):

جۆرێکی تر لە دروستکردنی وشەی نوێ و دەوڵەمەندکردنی زمان، ئەویش ڕێگەی داتاشینە (( ئەم جۆرە ڕێبازە بۆ دروستکردنی وشە لە ڕێگای لێکدانەوە دەبێت، بەڵام لە ئەنجامی لێکدان هەندێ دەنگ دەسوێ یان گۆڕانکاری بە سەردا دێت.)) (عبدولواحید موشیر دزەیی:٢٠١١ ،٥٨) کەواتە لە کاتی داتاشینی وشەیەکی نوێ، هەندێ فۆن لەناو دەچن و دەفەوتێن، ئەویش بەپێی یاسا فۆنۆلۆجیەکانەوە دەبێت، بۆ نموونە:

گوڵاو ( گوڵ + ئاو )

ماستاو ( ماست + ئاو )

دەزگیران ( دەست + گیران )

گاسن ( گا + ئاسن )

بە هۆی داتاشینی ئەم وشانەوە دەبینرێت، وشەیەکی نوێ بەرهەم هاتووەو فەرهەنگی زمانەکەی دەوڵەمەندکردووە.

### ١-٨ -٣ ڕێگەی داڕشتن ( Derivation ):

ڕێگەیەکی تر لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، ئەویش ڕێگەی داڕشتنە، ئەم ڕێگەیەش وشەی نوێ بەرهەم دەهێنێت، بەڵام بە ڕێگەی تایبەتی خۆی، کە ئەویش بریتییە لە ڕێگەی داڕشتن کەواتە ( ڕێگەیەکە بۆ لەدایك بوون و دانانی وشەی تازە.)(کامیل حەسەن بەسیر:٢٠١٣ ،٢٩) ئەم وشە تازانە کە لە ڕێگەی داڕشتنەوە تازە لە دایك دەبن، دەبێتە هۆی زیادبوونی وشەکانی زمان و بەمشیوەیەش زمان ئەو کەلێن و بۆشاییانەی کە لەلای دروست دەبێت،پێیان پڕدەکاتەوە. هەر بۆیە شیوەی ڕۆنانی داڕشتن ( لە وشەیەکی سادە و پێشگرێك یاخود پاشگرێك یاخود هەردووکیان لەگەڵ وشە سادەکە بەرهەم دیت.)( شادمان سالار نەریمان:٢٠٠٨ ، ٣٣ )، واتە ڕێگەی داڕشتنی وشە بریتییە لە فۆڕمیکی سادە لەگەڵ پێشگرێك یان پاشگرێك، بۆ نموونە چاوگی (فڕین) کاتێك ڕەگەکەی وەردەگریت (فڕ) لەگەڵ پاشگری (ۆکە) دەبێتە (فڕۆکە)، باخەوان، بەهێز...هتد، یاخود پێشگر و پاشگر پێکەوە لەگەڵ فۆرمە سادەکە دێن و وشەیەکی داڕێژراو پێك دەهێنن، بۆ نموونە پێشگری (هەڵ)+ چاوگی (کردن)+ پاشگری (ەوە) دەبێتە هەڵکردنەوە، هەڵدانەوە، بەربوونەوە...هتد.

### ١-٨ -٤ ڕێگەی وەرگێڕان (Translation) :

بەهۆی هەبوونی زمانی جیاواز و پێویستی زمانەکان بە یەکتری، یەکێك لە ڕێگەکان ڕێگەی وەرگێڕانە، کە بەو هۆیەوە زمانەکان پەیوەندی و ئاشنایەتی لەنێوان یەکتریدا، دروست دەکەن.

هەربۆیە ( وەرگێڕانیش وەك ڕێبازێكی پەرەسەندنی هەر زمانێك بە هۆكارێكی گرنگی پەرەگرتنی پەیوەندی كلتوری، كۆمەڵایەتی و سیاسی زمانێ لەگەڵ زمانەكانی دیكەی جیهان دادەنرێت.)(شەهاب شێخ تەیب تاهیر، ٢٠١٢، ٢٨٢)، واتە كاتێك زاراوەیەك لە زمانێكەوە بۆ زمانێكی تر وەردەگێڕدرێت، سەرەڕای وەرگرتنی چەمكی واتای ئەم زاراوەیە لە زمانەكەدا، دەبێتە ڕێگەخۆشكەرێكیش بۆ پەیدابوونی شارەزایی لە كەلتوری یەكتری، لە سەرجەم بوارە جیا جیاكانی ئەم زمانە، بەمشیوەیە زمانەكان بە هۆی ڕێگەی وەرگێڕانەوە، قۆناغێكیتری دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگ بەخۆوە دەبینن، واتە ( ئەم ڕێبازە گواستنەوەی چەمكی واتای وشەی بیانییە بۆ زمانی كوردی و بەرهەمهێنانی وشەی خاوەن چەمكی نوێیە.)( شادمان سالار نەریمان:٢٠٠٨ ، ٣٧). لێرەدا بە ڕێگەی وەرگێڕان دەتوانرێت چەمكی زاراوەكە بە شێوەیەكی ڕاست و دروست، وەربگێڕدرێت و بۆ هەمان مەبەست بەكاربهێنرێت، بۆ نموونە:

تعميم = گشتاندن

الآستخبارات = هەوالگریی

هونەری شیعر= poetry

ئەدەبناسی = Literature

ئەم زاراوانە، كە لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی كوردی، فەرهەنگی زمانی كوردییان دەوڵەمەند كردووە و كەلێنێكی بۆ ئەم زمانە پڕكردۆتەوە و شان بە شانی زمانەكان بەرەو پێش ڕۆیشتووە.

### ١-٨ -٥ ڕێگەی پێوانە( Calque, translation loan-word ):

ڕێگەی پێوانە ڕێگایەكی ترە بۆ دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمان، بەڵام ئەم ڕێگەیە شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە، دەتوانرێت بگوترێت شێوازی وەرگرتنی زاراوە لە زمانێكەوە بۆ زمانێكی تر شێوازی وەرگێڕانی پیت بە پیتە، واتە ( بریتییە لەو وشانەی كە لە زمانی بێگانەوە چۆن ڕۆنراوە، بە هەمان شێوەش لە زمانی كوردی ڕۆدەنرێت.)( عەبدولواحید مشیر دزەیی ٢٠١١: ٦١ )، بەمشێوەیە كاتێك وشەیەك یاخود زاراوەیەك بە ڕێگەی پێوانە كاری لە سەر دەكرێت، دەبێت لەم ڕێگەیە لانەدات و بنەماكانی پێوانە پەیڕەو بكات، بۆ نموونە:

جێناو، Pronoun ⟶ noun، ناو + Pro، جێ

ناوی لێكدراو، الأسم مركب ⟵ الاسم، ناو + المركب، لێكدراو

ئەم زاراوانەی كە لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بە ڕێگەی پێوانەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی كوردی، لە بنەماكانی ئەم ڕێگایەیان لانەداوە و، بەم شێوەیە توانراوە زاراوەی تر بهێنرێتە ناو زمانی كوردی و پێداویستیەكانی ئەم زمانەی لەكاتی خۆیدا پێ پڕ بكاتەوە، ئەمەش ڕێگەیەكە بۆ زیادبوونی وشە و زاراوەی نوێ لە زمانی كوردیدا.

### ١-٨ -٦ ڕێگەی خوازە (Metaphor):

ڕێگەی خوازە بە ڕێگەی گواستنەوەی واتای وشە بۆ واتایەكی تر دادەنرێت، بەمشێوەیە لە زمانێكی دیاریكراودا گۆڕان بە سەر واتای وشە دێت و بە واتایەكی تر بەكاردێت. واتە (خوازە زاراوەیەكی زمانی و ڕەوانبێژییە و چەمكەكەی بەوە دەستنیشان دەكرێت، كە گواستنەوەی وشەیەكە لە مانایەكەوە بۆ مانایەكی دی،

بەمەرجێك لە نێوان هەردوو ماناکەدا چەشنە پەیوەندییەك هەبێت.)( کامیل حەسەن بەسیر: ٢٠١٣، ٢٣ ).
هەر بۆیە لە زمانی کوردیدا ژمارەیەك وشە و زاراوە لەم شێوەیەدا دەبینرێت، بۆ نموونە : زماندرێژ، دەستکورت، نان، زمان...هتد، ئەگەر سەرنج لەم وشە و زاراوانەی بدرێت، سەرەڕای بوونی واتای بنجی خۆیان، دەبینرێت بۆ واتای تریش خوازراون و بەکاردەهێنرێت، ئەمەش وادەکات ئاسۆی زمانی کوردی لە هەبوونی وشە و زاراوەدا بەرەو فراوانی بڕوات.

### ١-٨ -٧ ڕێگەی لێکدان(Componding):

ئەم ڕێگەیە بریتییە لە لێکدانی دوو هێمای زمانی واتادار یان زیاتر، بۆ ئەوەی وشەیەکی نوێ بەرهەم بێت و بۆ مەبەستی تر بەکاربهێنرێت، هەر بۆیە ڕێگەی لێکدان بنەما و یاسای تایبەت بەخۆی هەیە، بەم شێوەیە (( بەهۆی ڕێبازی لێکدانەوە، زۆربەی ناو و کارەکان لەسەر بنچینەی یەکگرتنی دوو وشەی واتادار یان زیاتر لە فەرهەنگی کوردیدا پەیدا بوون.))( ڕۆژان نوری عبداللە: ٢٠٠٧، ١٠٠)، واتە ئەگەر سەرنج لە فەرهەنگی کوردیدا بدرێت، دەبینرێت ژمارەیەکی زۆر لەم ناو و کردارانەی کە لە ناو فەرهەنگی کوردیدا هەن، بە ڕێگەی لێکدانەوە ڕۆنراون، ئەمەش وادەکات ژمارەی ناو و کردارەکان لە زیادبووندا بن، کەواتە (وشەی لێکدراو ئەو وشەیەیە کەوا بەلای کەمەوە دوو وشەی واتاداری تێدابێت.)(ئەوڕحمانی حاجی مارف:١٩٨٧، ٨٣)، واتە ئەم وشانە دەبێت لە فەرهەنگی کوردیدا هەبن و واتایان لێکدرابێتەوە، چونکە وشە واتادارەکان لە فەرهەنگ تۆمار دەکرێن، ئینجا ئەم وشانە بەپێی یاسا و ڕێسای لێکدانەوە، لێکدەدرێن و وشە و زاراوەی نوێ بەرهەم دەهێنرێت، بۆ نموونە:

مانگەشەو ( مانگ + ە + شەو )

لەرزوتا ( لەرز + و + تا )

ڕەشماڵ ( ڕەش + ماڵ )

دوودڵ ( دوو + دڵ )

ئەم وشانە پێش لێکدانیان هەریەکەیان بە تەنیا واتای خۆیان هەیە ، بەڵام دوای لێکدانیشیان واتای نوێیان بۆ زمانی کوردی دروست کردووە.

### ١-٩ شێوەکانی فەرهەنگ:

فەرهەنگ لە گەلێ شێوەی جۆراوجۆر پێکهاتووە، هەر بۆیە شارەزایان و زمانەوانان ئاماژەیان بە فۆرمی جیاوازی فەرهەنگ کردووە، دیارە ئەم فۆرمانەش لەڕووی پێکهاتە و ڕۆناندا لە یەکترییەوە جیاوازن، هەر شێوەیەکیش لە شێوەکانی فەرهەنگ بۆ ئامانج و مەبەستی تایبەت خراونەتە ڕوو، وەك ( فەرهەنگی زمانی نەتەوەیی، فەرهەنگی نەتەوەیی- بیانی، فەرهەنگی بیانی- نەتەوەیی)[2]

### ١-٩-١ فەرهەنگی زمانی نەتەوەیی:

فەرهنگی زمانی نەتەوەیی (ئەم جۆرە فەرهەنگەیە، کە بە زمانی نەتەوەیی دادەنرێت، لە نێوان زار وبەش و لقە زارەکانی زمانێکدا دەنوسرێت.)(حوسێن محەمەد عەزیز:٢٠٠٥، ٤٨٧) مەبەست لەم جۆرە فەرهەنگەدا، کە تایبەتە بە دیالێکتەکانی زمانێکی دیاریکراو، واتە فەرهەنگەکە بە یەك زمان دەنوسرێت، لێکدانەوە و

[2] بڕوانە (حوسێن محەمەد عەزیز:٢٠٠٥، ٤٨٧ـ ٤٨٨)(شهاب شيخ طيب:٢٠١٤، ١٩١)

شرۆڤەکردنی وشەکان لە نێو دیالێکتەکاندا لێکدەدرێنەوە، هەر بۆیە بە فەرهەنگی زمانی نەتەوەیی ناودەبرێت، بۆ نموونە دەتوانرێت فەرهەنگێك لە نێو دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابنرێت، هەر وەکو فەرهەنگی خاڵ کە لەلایەن شێخ محمدی خاڵ لە ساڵی (١٩٦٠ - ١٩٦٤) دانراوە و فەرهەنگی شوان کە لە لایەن شوکت مەلا اسماعیل حەسەن لە ساڵی ٢٠٠٧ دانراوە، کەواتە هەر نەتەوەیەك دەتوانێك فەرهەنگێك لە نێو دیالێکت و شێوازەکانی خۆیدا بنوسێت و هێما زمانیەکانی بە دیالێکتەکانی لێکبداتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئاشنایەتی و تێکەڵاویەکی زۆر لە نێوان دیالێکتەکاندا.هەروەها فەرهەنگی میدیا کە لەلایەن ئەورەحمانی حاجی مارفەوە لەساڵی ٢٠١١ دانراوە لەم شێوە فەرهەنگانەیە.

**١-٩-٢ فەرهەنگی نەتەوەیی- بیانی:**

ئەم شێوەیەی فەرهەنگ بریتییە لەوەی کە لە سەرەتادا ((بە زمانی نەتەوەیی دەست پێدەکا. بەرامبەرەکەشی، بە یەکێ لە زمانی نەتەوەکانی جیهان دەبێ.))( ڕۆژان نوری عبداللە: ٢٠٠٧، ٢٩٥)، واتە وشەکان بە زمانی نەتەوەیی دەست پێدەکات و لە بەرامبەریشدا وشەکان بە زمانی بیانی لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت وەکو فەرهەنگی ( Kurdish-English Dictionary ) کە لەلایەن تەوفیق وەهبی و ئەدمۆسەوە دانراوە، جا دەکرێت فەرهەنگێکی تر بە شێوەی تر دابنرێت، ئەویش لە سەرەتادا زمانی نەتەوەیی بێت و لە بەرامبەرەکەش دەکرێت زمانی ڕوسی، فەرەنسی، عەرەبی...هتد بێت. لێرەدا هاوزمانانی نەتەوەیی هاندەدرێن، کە لە ڕێگەی ئەم شێوە فەرهەنگەدا شارەزایی لە زمانی بیانی پەیدا بکەن، بۆ نموونە: فەرهەنگی ئەستێرە گەشە کە فەرهەنگێکی کوردی-عەرەبییە لەساڵی ١٩٨٥ لەلایەن فاچل نقام الدین دانراوە و فەرهەنگی ڕێژگە کە لەلایەن ئەمین گەردیگلانی لەساڵی ٢٠٠٩ دانراوە، لەم شێوە فەرهەنگانەیە.

**١-٩-٣فەرهەنگی بیانی- نەتەوەیی:**

ئەم شێوە فەرهەنگە پێچەوانەی فەرهەنگی نەتەوەیی بیانییە، واتە ( بە زمانی بیانی دەنوسرێت و بەرانبەریشی بە زمانی نەتەوەیی واتاکەی دادەنرێت.) (حوسێن محەمەد عەزیز:٢٠٠٥، ٤٨٧) لەبەرئەوەی لە سەرەتادا وشەکان بە یەکێك لە زمانە بیانییەکان وەکو ئینگلیزی و فەرەنسی و عەرەبی و ...هتد دەنوسرێت و بەرامبەرەکەش بەزمانی نەتەوەیی لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، وەکو فەرهەنگی عەرەبی- کوردی بۆ نموونە فەرهەنگی دەریا، کە لەلایەن ڕزگار کریم ساڵی٢٠٠٦ دانراوە و فەرهەنگی خەبەرنامەی ئەرمەنی – کوردی، کە لەلایەن ( سەمەندێ سابەند ئارامێ چاچان ) لە یەریڤان لە ساڵی (١٩٥٧) بڵاوکراوەتەوە.

بێجگە لەم سێ شێوەی فەرهەنگە، لە ئێستادا شێوەی تریش لە فەرهەنگ بەرچاو دەکەون، وەکو (فەرهەنگی نەتەوەیی- بیانی - بیانی) بۆ نموونە فەرهەنگی گشتگر، کە لە لایەن علی ناجی عگار دانراوە، بریتییە لە فەرهەنگی کوردی-عەرەبی-ئینگلیزی، ( فەرهەنگی نەتەوەیی – نەتەوەیی - بیانی ) بۆ نموونە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد، کە لە لایەن سەلام ناوخۆش دانراوە، بریتییە لە فەرهەنگی کوردی – کوردی - ئینگلیزی و فەرهەنگی ( بیانی- نەتەوە- بیانی - بیانی) بۆ نموونە فەرهەنگی قانون، کە لەلایەن نوری تاڵەبانی ساڵی ٢٠١٤ز دانراوە، بریتییە لە فەرهەنگی عەرەبی - کوردی- فەڕەنسی- ئینگلیزی لەم شێوە فەرهەنگەیە، هەرچەند ئەم فەرهەنگەش دەچێتە خانەی فەرهەنگی تایبەتییەوە.

## بەشی دووەم

### ٢-١ هەندێ لایەنی فەرهەنگسازی و شیعری کوردی:

### ٢-٢ مێژووی فەرهەنگسازی کوردی:

مێژووی فەرهەنگسازی کوردی وەکو هەموو فەرهەنگسازی زمانەکانی تر، خاڵی دەستپێکردنی هەیە، هەر بۆیە میللەتی کوردیش خۆی بە خاوەنی مێژویەکی فەرهەنگنووسین، وەکو میللەتانی تر دادەنێت و شان بەشانی میللەتانی تر ڕۆیشتووە، کەواتە (دەستپیکردنی مێژووی فەرهەنگسازی ١٠٩٤کۆچی (١٦٨٢-١٦٨٣ز) دەست پێدەکات، دانەری یەکەم فەرهەنگی کوردی کورد بووە، ئەویش شاعیری مەزنی کورد ئەحمەدی خانی لە ژێر ناوی( نەوبەهار )دا، فەرهەنگۆکێکی بۆ یارمەتیدانی منداڵانی کورد لە فێربوونی زمانی عەرەبیدا نوسیوە.)(بڕوانە ئەوڕحمانی حاجی مارف (١٩٨٧أ: ٩٥-١٠٢)، بەمە بۆمان دەردەکەوێت، کە مێژووی فەرهەنگسازی کوردی لە چارەکی کۆتایی سەدەی حەڤدەهەم لە سەردەستی شاعیرێکی کورد دەست پێ دەکات، تاکو ئەمڕۆکەشی لەگەڵدا بێت، کاری فەرهەنگسازی لە بەرەوپێش چووندایە، بە تایبەتی دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ز لە باشوری کوردستاندا، بەهۆی هاتنە کایەی ئەم ئازادییە و دامەزراندنی پەخشی ڕاگەیاندن و چاپ و چاپەمەنی، گۆڕانێکی زۆر بەسەر چۆنیەتی و چەندێتی فەرهەنگی کوردیدا هاتووە، بەتایبەتی ئەگەر بەراوردێك بکرێت، لە نێوان ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکان، دەبینرێت ساڵانی نەوەدەکان تاکو ئێستاکەش بە ئاشکرا هەست بەو جیاوازیانە دەکرێت لە ڕووی بەرهەمی ئەدەبی و زمانەوانییەوە، بە تایبەتی لە بواری فەرهەنگنووسیندا پێشکەوتنێکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە و فەرهەنگنووسان و نوسەرانی ئەم بوارە، هەوڵیان داوە بۆ هەر بابەتێك بەپێی تایبەتمەندی خۆی فەرهەنگێکی بۆ دابنرێت، کەواتە دەتوانرێت، بگوترێت سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەم بە سەرەتای دەستپێکردنی فەرهەنگی پسپۆڕی کوردی دادەنرێت، وەکو فەرهەنگی زمانەوانی و فەرهەنگی ئابوری و فەرهەنگی کشتوکاڵی و فەرهەنگی دەرمانسازی...هتد، بۆ نموونە فەرهەنگی زمانەوانی ناوخۆش ، کە لەلایەن سەلام ناوخۆش لەساڵی ٢٠١٤ز دانراوە، فەرهەنگێکی کوردی ئینگلیزی پسپۆڕییە.

لێرەدا ئاماژە بە هەندێ فەرهەنگی کوردی دەکرێت، کە لە دوای ڕاپەڕین بە چاپ گەیەندراون، ئەوانیش وەکو:

- فەرهەنگی زێوار، دانەرەکەی جەمال عەبدول ،١٩٩٦ز
- فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە، دانەرەکەی هەژار موکریانییە ١٣٧٦ هەتاوی.
- فەرهەنگی ئۆکسفۆرد، دانەرەکەی، سەلام ناوخۆش٢٠٠٦ز
- فەرهەنگی دەریا، دانەرەکەی ڕزگار کریم ٢٠٠٦ ز.
- فەرهەنگی شوان، دانەرەکەی شەوکەی مەلا اسماعیل حەسەن،٢٠٠٧ز.
- فەرهەنگی کاروان، دانەرەکەی (ئەبوبکر رشید)ە.
- فەرهەنگی گشتگیر، دانەرەکەی عەلی ناجی عەتتار ٢٠١٠ز.
- فەرهەنگی میدیا، دانەرەکەی ئەوڕەحمانی حاجی مارف ٢٠١١ز.

ئەمانە ژمارەیەك لەو فەرهەنگانە بوون، کە لەدوای ڕاپەڕینی خەڵکی باشوری کوردستان لەساڵی ١٩٩١ز دانراون و بڵاوکراونەتەوە.

## ٢-٣ وشە Word:

وشە ڕۆڵێکی گرنگ لە دانانی فەرهەنگ و فەرهەنگسازیدا دەبینێت، هەر بۆیە وشەکانی هەر زمانێك، دواجار لە ناو فەرهەنگ تۆمار دەکرێن و دەپارێزرێن.((وشە ئەو هێمایەیە کە مرۆڤ بیر و هەستی خۆی پێ دەدرکێنێ.))(شەوکەت مەلا اسماعیل مەلا حەسەن: ٢٠٠٧، ١٤) کەواتە مرۆڤ ئەو هێما زمانیانە، کە وشەش لەخۆدەگرێت، بۆ پەیوەندی کردن لەنێوان خودی مرۆڤەکاندا بەکاردەهێنێت، بەڵام زۆرجار ئەم وشانە لەڕووی شێوە و فۆڕمەوە بەیەکدەچن، لەم بارەدا لێڵ واتایی دروست دەبێت، واتە دەبێتە هۆی ناتێگەیشتن لە نێو مرۆڤەکاندا، هەر بۆیە ((هەندێ فەرهەنگنووسی کورد و بێگانە لە سنوری وشە و واتادا ناوەستن بەڵکو دەچنە ناو پەیوەندییە واتاییەکانی وشە،وەك: هاوواتایی و فرەواتایی و دژە واتایی وهاوبێژی.))( محەمەد مەعرەف فەتاح:٢٠١٠، ٣٦٩ )، بەمشێوەیە فەرهەنگسازەکان لە کاتی دانانی فەرهەنگدا، تەنها بە ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی وشەکان ناوەستن، بەڵکو هەڵی ئەوەش دەدەن پەیوەندییە واتاییەکانی هاوواتا و پەیوەندییە واتاییەکانی فرەواتا و دژواتا و هاوبێژی ئاماژە پێ بکەن و ڕوونیان بکەنەوە، لێرەدا بە پێویست دەزانریت، ئاماژە بە پەیوەندییە واتاییەکانی فرەواتا و پەیوەنییە واتاییەکانی هاوبێژی بکرێت.

### ٢-٣-١ پەیوەندییە واتاییەکانی فرەواتا:

زۆرجار، وا ڕێك دەکەوێت، کە وشەکانی خودی زمانێك لەڕووی فۆڕمەوە لەیەك بچن یاخود تەنها وشەیەك ژمارەیەك واتای هەبێت، ئەگەر سەرنجێك لە شیعرە کوردییەکان بدرێت، ئەم فۆڕمە وشانە بە ئاشکرا هەستیان پێ دەکرێت، چونکە شاعیران خەریکی هونەری وشەکارین، بۆ نموونە:

ئەی جیلوەی دەری حوسن و جڵەوکێشی تەماشا

لەسەر ڕشتەیی دین بێ مەددەدی تۆ نییە حاشا

سەر ڕشتە = مەبەست، ئامانج، چارەی کار، ڕاستی، جڵەوکاری، بنجینە. (محمد نوری عارف:٢٠٠٩، ٥٢٥-٥٢٦ )، کەواتە فرەواتا Polysemy (بریتییە لە هەبوونی وشەیەك و ژمارەیەك واتا، ئەمەش هەردەبێت پەیوەندی بە یەکە واتاییەکانەوە هەبێت، کە ئەم یەکە واتاییانەش بە یەکەی فەرهەنگی دادەنرێن.)( مجدی ابراهیم محمد ابراهیم:٢٠١٣، ٢٤٥) بەمشێوەیە فرەواتاییەکان کە یەکەیەکی واتاین، دەتوانرێت لەناو فەرهەنگدا لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەیان بخرێتە ڕوو، بە ئاسانی هەست بە واتا جیاوازەکانیان بکرێت. یاخود فرەواتا (بریتییە لەم لێکسمەی، کە زیاتر لە واتایەکی هەیە.)(Crystal:١٩٩٢,٣٠٧) وشە فرەواتاییەکان، واتای جیا جیا هەڵدەگرن، ئەمەش دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی دەروازەی فەرهەنگی و بەهێزکردنی زمان، ئەم جۆرە وشانەش لە زمانی کوردیدا هەن و هەم لە فەرهەنگی کوردیدا بەرچاو دەکەون و هەم لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا هەستیان پێ دەکرێت، بۆنموونە:

١- ڕۆژ ( خۆر )

ڕۆژ ( ڕۆژەکانی هەفتە )

٢- دەم ( کات )

دەم ( دەمی مرۆڤ و ئاژەڵ و شتی تر)

٣- جام ( جامی ئۆتۆمبێل )

جام ( جامی ئاو خواردنەوە)

جام ( شووشەی پەنجەرە )

٤- گاز ( قەمپار، گازگرتن )

گاز ( ئامرازێکی دەستییە، بۆ بزمار دەرهێنان لە دار و شتی تر بەکاردەهێنرێت.)

گاز ( گازوایل )

گاز ( بانگکردن، گازکردن )

**٢-٣-٢ پەیوەندییە واتاییەکانی هاوبێژی:**

ئەگەر سەرنج لە خودی وشەی هاوبێژی (Homophone) بدرێت، ئەوە بەدیار دەکەویت، کە هاوبێژی بە واتای هاوگوتن یان هاودرکاندن دێت، واتە ئەو وشانەی یەك گۆکردنیان هەیە، هەر بۆیە کە سەیری پێناسەی هاوبێژی بکرێت، هاوبێژی (بریتییە لەو وشە وەك یەکانەی، کە لە بنچینەدا لە دوو وشەی جیاوازەوە هاتوون، لە فەرهەنگیشدا دەبێت دوو دەروازەی جیاوازیان هەبێت.)( مجدی ابراهیم محمد ابراهیم:٢٠١٣، ٢٤٥)، بەمشێوەیە هاوبێژی ئە وشانە لەخۆ دەگرێت، کە لە شێوە و فۆرمدا وەکو یەکن، بەڵام لە بنچینەدا لە دوو وشەی جیاوازەوە سەرچاوەیان گرتووە، یاخود هاوبێژی ( ئەو وشانەن کە تەنها لە خوێندنەوە و نوسیندا وەك یەکن، ئەگینا لە واتا و پەیدابوونیاندا جیاوازن.)( ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٧٥، ١٥) واتە وشە هاوبێژەکان لە بنەچەدا وشەی جیاوازن، بەڵام بە هۆی تێپەڕبونی کات بەسەر ئەم وشانەدا یاخود گواستنەوەیان بۆ ژینگەی جیاوازی زمانییەوە، دەبێتە هۆی پێکچونی وشەکان و هەست نەکردن بە جیاوازیان لە ڕووی فۆرمەوە، بۆ نموونە:

١- ئازار ( ئێش و ئازاری جەستە )

ئازار( مانگی سێ، ئێزار،وشەیەکی عەرەبییە)

٢- شیر ( شمشێر )

شیر ( شیری خواردنەوە )

٣- ئاش ( ئامێری گەنم و جۆ و ...هتد هاڕین. )

ئاش ( لە شێوەزاری کەرکوك بەمانای چێشت دێت.)

٤- مار ( جۆرە زیندەوەرێکی خشۆکە، حیە)

مار ( لە شێوەزاری هەولێر، بەمانای ماڵ دێت.)

کەچی لەگەڵ ئەمەشدا، دەبینرێت هاوبێژی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازیان هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تایبەتمەندی و یاسا و ڕێسایانەی ئەو زمانەی لەسەری ڕۆنراوە، بۆ نموونە ئەگەر سەرنج بدرێتە زمانی ئینگلیزی، دەبینرێت جیاوازی لەگەڵ زمانی کوردیدا هەیە، هاوبێژی لە زمانی ئینگلیزیدا بریتییە ( لەم وشانەی کە لە ڕووی خوێندنەوە، یان گۆکردن یەکن، بەڵام لەڕووی ڕێنووسی و واتاوە جیاوازیان هەیە.) ( تاڵیب حسێن عەلی ٢٠١١، ٩٢) بۆ نموونە:

see بینین

sea دەریا

## ٢_٤ فەرهەنگی شیعری کوردی:

دیارە شیعر وئەدەب زمانی تایبەتی خۆی هەیە، کە لە زمانی ئاسایی جیایە، چونکە زمانی ئاسایی بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری خەڵك بەکاردێت و کەمتر جوانکاری ورازاندنەوەی تێدایە، بەڵام زمانی شیعر پڕە لەجوانکاری و ڕازاندنەوەو بەچنینی تایبەتی زمان جۆرهەا هونەری ڕەوانبێژی بە تایبەتی خواست وخوازەو وێنەی هونەری دەڕازێندرێتەوە، جا لە بەرئەوەی شاعیران لە چۆنیەتی وچەندایەتی بەکارهێنانی ئەو هونەرە لێکجیان. سەرەنجام شێوازیشیان لەیەك جیایەو وەکیەك نییەو ئەمەش وا دەکات شیعری شاعیران لە یەك نەچێت وهەریەکە دەنگ و ڕەنگی تایبەتی خۆی هەبێت.

بۆ نموونە: نالی لە شیعرەکانیدا وشەگەلی دیالێکتەجۆراوجۆرەکانی بەکارهێناوە، کە هەندێ کەس پێیان وایە ئەمەی بە مەبەست کردوەو، وەکو شارەزایەکی مەزنی زمان نیازی بنیاتنانی زمانی یەکگرتووی کوردی بووە.(کەریم شارەزا: ١٩٨٤، ١٤) وەکو لەم شیعرانە دیارە، کە وشەی موکریانی و کرمانجی سەرووی بەکارهێناوە:

لە کن من با وجودی ناس وئەجناس

کەسی تێدا نیەئەم شارەبێ تۆ

گەر دەپرسی من لەبەرچی کەم دەخۆم

من بەبرسی قەت مەزانەخەم دەخۆم

بۆیە (جاکوسۆن) لەو باوەڕەدایە، کە لە ڕوی ئەرکی ئیستاتیکیەوە زمان ئەرکەکەی ڕادەپەڕێنێت.( جونکوین:١٩٩٥، ٩ ) لەوبارەیەشەوە هەموو وشەیەك ئەو کارەی پێدەکرێت، چونکە هەموو وشەیەك بەبێ هەلاواردن، بابەتی شیعرەو ئەوە سیحرە گیان بە بەر وشەدا دەکات، مس دەکاتە زێرو خۆڵیش دەکاتە خۆری درەوشاوە.( نزارقبانی: ١٩٨٩، ٤٣)

ناری سینەم گەر نەبێ، غەرقم ئەمن

ئاوی چاوم گەر نەبێ، سوتاوم ئەز

لێرەدا وشەکانی ( لەکن، تێدا، دەپرسی، دەخۆم، ئەمن) موکریانی و وشەی ( ئەز )یش کرمانجی سەرووە، بەڵام (حاجی قادر) وەکو ( نالی ) گرنگی بە وشەکاری نەداوەو زیاتر مەبەستی نێوەڕۆك بووە، تا خەڵك لە نیازی بگەن وکاری پێ بکەن، هەروەکو بۆ خۆشی دانی بەو ڕاستییەدا ناوە:

بەیتەکانی عەیبی مەکەن خواروکەچن

مەقسەدم لەو بەندو باوەدەربچن (سەعید کەرەمی:١٣٩٠هەتاوی، ٢٠٥)

بەڵام لەگەڵ ئەوەشا (حاجی قادر) هەندێك وشەو زاراوەی دەگمەنی وای بەکارهێناون، کەشاعیرانی دیکە بەکاریان نەهێناون، وەکو (عەلەمی کاویان، گەلاوێژی دووچاو، سوپهێر)و چەندان وشەی واشی بەکارهێناون، کە ( نالی وسالم وکوردی) بەکاریان نەهێناون، وەکو (بەختی خەواڵوو، ئەتوبی خودا، ئێستێکە، بروسکەی جەو، شاباشتەو قەسەر، خرینگوەۆڕ، پیرەپڕ، سمکۆڵ، پیرەگاکێوی، حیلەحیل، بارەبارِ، قۆڕەی گاجوت، بۆڕەی مانگا، گورگولوور، قەڕەقاڕ، بگرەوبەردە، کابان، حەشرەحەلا، بەختی کەچ، لەڕێی خودا، حاجیلەکان.)(خانزاد عەلی قادر:٢٠١٢، ١٨٨ - ١٨٩) شاعیرانی سۆفیش، هەرچەندە زمانەکەیان هەر لە زمانی ئاسایی خەڵکی وەردەگرن، بەڵام بەهۆی هەست وسۆزو خۆشەویستی بەربڵاویان بۆ خواو، باسکردنی ئەوین و جۆش خرۆشی گیان و دڵیان، کە بەزەحمەت لەوشەدا جێیان دەبێتەوە، هەر وەکو مەحوی دەڵێ:

لوغاتی ئێمە نالەو ئاهەقەتعا

لۆغاتی وا ناگرێ بورەانی قانع ( مەلا عبدالكريمی مدرس و محمدی مەلا کەریم: ١٣٨١هەتاوی ، ١٦٨ )

لە بەر ئەوە زمانێکی تایبەتیان هەیە، کە لە شاعیرانی غەیرە سۆفی جیایە، چونکە شیعری سۆفیگەری پڕە لە زاراوەی سۆفیگەری.( عدنان حسين العوادي: ١٩٨٦، ٢٥١ )و مەحویش وەك شاعیرێکی سۆفی چەندەها وشەو زاراوەی سۆفیگەری بەکارهێناوە، وەکو: (ئەحوال، ناکەسکاری، شێخ، ئیشتیاق، مەحەببەت، یاخودا، پەرێشان، پیر، تەجەللی، حاڵ، حوصنور، حەق،...ەتد) کە وابوو بابەت و نێوەڕۆکی دەقی شیعری، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە فەرهەنگی وشەی شاعیرداهەیە، ئەوەتا شاعیرێکی وەکو شێخ ڕەزا بەهۆی شیعرە هەجوەکانی، وشەو زاراوەی وای بەکارهێناون، کە پێش خۆی بەکارنەهاتوون، تەنانەت شیعرە وەسفەکانیشی بۆنی تەنز وگاڵتەوگەپیان لێدێت:

میر بەسەد میننەت هەناردی ئێسترێکی ڕوت وقوت

دەست وپا سست وسەقەت ئەندامی هەروەك عەنکەبووت

خاوەنی ئالیکی نالێم پێی نەداوەموتلەقا

داویەتێ ئەمما وەکو بیستوومەقووتی لایەمووت

گەرچی ناتوانێ ببزوێ هێند لەڕو کەم قووەتە

دەنکە جۆیەکی نیشاندەی، تا قیامەت دێ لە دووت ( شێخ محمدی خاڵ و ئومێد ئاشنا: ٢٠٠٣ ،٤٤) هەندێك لە وشە و جنێوەباوەکانی ئەمانەن:

لە جەر، هەزارپێ، خوێری، تاسولووس، تەقلیدی کەر، کەرکۆکی، حەرامزادە، جاشەکەرێ، شای قوماربازان، مووی سەگ، تووکی بن کلکی کەر، لچ گێر، لێوخوار، بێ نامووس، ئەوکەرە، بزنی گەڕ، چەرمی ڕووی قایمە، فاحیشە، دینار پەرست، ڕەققاس، موتڵەق ژن، هەتیو، لۆتی، مەیمونەقوتە، ڕەنگی کەر، دەنگی بەقەڕ، سەگسار، دایە ڕێزوار، قورمساغ، بنی قازان، یاغنیش،...ەتد

ڕاستە ژینگەو دەوروبەر کار لە شاعیران دەکەن وکاریگەری زۆریان لە جۆری ئەو وشانەدا هەیە، کە بە کاریان دەهێنێت، بۆ نموونە: شاعیرێکی وەکو ( هێمن ) بە هۆی ژیانی لە دیهات وگەرمێن وکوێستان و بەخێوکردنی مەڕ وماڵات، دیوانەکەی پڕە لە وشەی ڕەسەنی لادێ و لەو بوارەدا فەرهەنگێکە بۆ خۆی و، خەڵکی شارەکان دەبێ لەوەوە وشەو زاراوەو دەربڕینی ڕەسەن فێربن.(هێمن: ١٩٧٤، ٥١)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوشاعیرانەی لەیەك ژینگەشدا دەژین، تەنانەت ئەوانەی سەربە یەك قوتابخانەی شیعریشن، هەر یەکەیان لەبەکارهێنانی وشەو زاراوەو دەربڕیندا تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە ئەوەشە وا دەکات، سەرەنجام شێوازیشیان لێکجیا بێت، بۆنموونە: نالی وکوردی وسالم، کە بە سێکوچکەی بابان بەناوبانگن و دامەزرێنەری قوتابخانەی شیعری بابانن و هەرسێکیان هاوچەرخ وهاوژینگەو هاوڕێ بوون، بەڵام کەم و زۆر لە فەرهەنگی وشەو شێوازیاندا جیاوازن.( حەمە نوری عومەرکاکی: ٢٠٠٨،٨٧ )، هەرلە بەر ئەوەشە لە کاتی دانانی فەرهەنگی شیعری قوتابخانەی شیعری باباندا، هەرسێ شاعیرەکە لێکجیا کراونەتەوەو ئە وکتێبەی لەوبارەوە دانراوە ناوی، فەرهەنگی دیوانی شاعیران: (نالی وسالم وکوردی) لێنراوە.( محمد نوری عارف: ٢٠٠٧، ؟ )، کەواتە شاعیرانی کورد ڕۆڵێکی گرنگ وکاریگەر لە زیادکردنی وشە بۆ زمانی کوردی دەبینن، ئەویش بە هۆی ئەو هەموو وشەکاریەی لە شیعرەکانیاندا بەکاریدەهێن، تاکو شیعرەکانیان لە ڕووی کێش و سەرواو ئیستاتیکیەوە چێژو بهاو نرخی تایبەتی خۆی بگەیەنێت. بەم جۆرە هەر شاعیرێك شێوازی تایبەتی خۆی لە کاتی لە دایکبوونی هەر شیعرێکدا هەیە، واتە وشەکانی شیعری شاعیرێك لەگەڵ شاعیرێکی تر، ئەگەر هەندێ لێکچوونیشان هەبێت،

جیاوازییەکی زۆریش لە نێوانیاندا هەیە، ئەمەش وا دەکات، کە وشەیەکی زۆرو نوێ بێتە ناو زمانی کوردی، ئەدەبدۆستان و ئاخێوەرانی ئەو زمانە لە گفتوگۆی ئەدەبی و ئاساییدا بەکاری بهێنن. دواجار ئەم وشانە دەبن بە موڵکی زمانی کوردی و لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێن. بەمشێوەیەش فەرهەنگسازی بایەخ بەم وشانە دەدات و لێکدانەوەو ڕاڤەی ورد بۆ ئەم وشانە دەکات، تاکو لای خوێنەر وشەکان واتایان ڕوون و ئاشکرابێت، ئەمەش دەبێتە هۆی فرەوانبوونی ئاسۆی زمانی کوردی و کەڵەکە بوونی وشەیەکی زۆر و دەوڵەمەندبوونی ئەم زمانە. هەربۆیە (( وشە لە دایك دەبێت و پیردەبێ بەڵام بەهۆی دووتوێی فەرهەنگەوە بە نەمری دەمێنێتەوە.)) (شەوکەت مەلا أسماعیل حەسەن: ٢٠٠٧، ١٥)، کەواتە وشەکانی هەر زمانێك ڕۆژ بە ڕۆژ لە فەرهەنگ تۆمار دەکرێن و دەپارێزرێن، بەمشێوەیە دەتوانرێت، فەرهەنگ بە وشەپارێز ناوببرێت.

## ئەنجام

١_ فەرهەنگ و شیعر، بۆ پاراستنی وشەکانی زمان تەواوکەری یەکترن.

٢_ فەرهەنگ و شیعر کەلتوری میللەتان لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەناسێنن.

٣_ دیوانی هەرشاعیرێك فەرهەنگێکی ڕیزنەکراوی سەربەخۆیە، کە پڕە لە وشەی جۆراوجۆر.

٤_ فەرهەنگسازی سەرەڕای لێکدانەوە و ڕیزکردنی وشەکان، وشەکانیش لە فەوتان دەپارێزێت.

5_ شاعیران ڕۆڵێکی گرنگ لە دەوڵەمەندکردنی زماندا دەگێڕن، ئەویش بە بەکارهێنانی وشەی بنچینەیی زمان و هێنانە ناوەوەی وشەی خوازراو و هونەری وشەکاری لەشیعردا ، کە ئەمانەش بۆ فەرهەنگسازی ڕاستن.

## سەرچاوەکان


### أ_ بە زمانی کوردی :-

١_ بەراوردکارییەك لە نێوان زمانی کوردی و عەرەبیدا، کامیل حەسەن بەسیر، چاپخانەی هێڤی، چاپی دووەم، هەولێر،٢٠١٣ز.

٢_ بنەماو پێکهاتەکانی زاراوە لە زمانی کوردیدا، شەهاب شێخ تەیب تاهیر، چاپخانەی کەمال، چاپی یەکەم، سلێمانی ، ٢٠١٢ز.

٣_ تاریك وڕوون، هێمن، بنکەی پێشەوا، ١٩٧٤ز.

٤_ دەربارەی زمانەوانی، شهاب شیخ طیب، نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر ، ٢٠١٤ز.

٥_ دیوانی حاجی قادری کۆیی، سەعید کەرەمی، سنندج، ١٣٩٠ هەتاوی.

٦_ دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، شێخ محمدی خاڵ و ئومێد ئاشنا، چاپخانەی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٣ز.

٧_ دیوانی مەحوی، مەلا عبدالکریمی مدرس و محمدی مەلا کەریم، انتشاراتی کردستان، سنندج، ١٣٨١هەتاوی.

٨_ زمانڤیا کارەکی، شێرزاد سەبری عەلی و عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵلا، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم ، دهۆك ، ٢٠١١ز.

٩_ زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی ومەحوی وشێخ ڕەزای تاڵەبانی، خانزادعەلی قادر، هەولێر،٢٠١٢ز.

١٠_ سەلیقەی زمانەواتیی و گرفتەکانی زمانی کوردیی، حوسێن محەمەد عەزیز، چاپخانەی کارۆ، چاپی دووەم، سلێمانیی،٢٠٠٥ز.

١١_ شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، حەمەنوری عومەرکاکی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨ز.

١٢_ فەرهەنگی دیوانی شاعیران، محمد نوری عارف، چاپخانەی دەزگای ئاراس، کوردستان-هەولێر، ٢٠٠٧ز.

١٣_ فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، ڕۆژان نوری عبداللە، خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی چوارچرا، چاپی یەکەم، سلێمانی ، ٢٠٠٧ ز.

١٤_ فەرهەنگی شوان، شەوکەت مەلا اسماعیل حسن، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧ ز.

١٥_ لە بواری فەرهەنگ نووسی کوردیدا، ئەورحمانی حاجی مارف،أ، مطبعة الزمان، بەغداد، ١٩٨٧ ز.

١٦_ لێکسیکۆلۆجی، عەبدولواحید موشیر دزەیی، چاپخانەی ماردین ، چاپی یەکەم، هەولێر،٢٠١١ز.

١٧_ لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، محەمەد مەعروف فەتاح، کۆکردنەوەو ئامادەکردنەوەی: شێروان حسێن خۆشناو، شێروان میرزا قادر، چاپخانەی ڕۆژ هەلات، چاپی یەکەم، هەولێر،٢٠١٠ز.

١٨_ واتاسازی، تالیب حوسێن عەلی، چاپخانەی ڕۆژ هەلات، چاپی یەکەم، هەولێر،٢٠١١ز.

١٩_ وشەی زمانی کوردی، ئەورحمانی حاجی مارف، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٥ ز.

٢٠_ وشەی ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، ئەورحمانی حاجی مارف، ب، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چاپی دووەم، بەغداد، ١٩٨٧ ز.

٢١_ وشەی نوێباو لە زمانی کوردیدا، شادمان سالار نەریمان، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغداد، ٢٠٠٨ ز.

٢٢_ نالی و زمانی یەکگرتوی کوردی، کەریم شارەزا، بەغدا، ١٩٨٤ز.

**ب_ بە زمانی عەرەبی:_**

٢٣_ دراسات فی علم اللغة، محدی ابراهیم محمد ابراهیم، دار العصما ، الطبعة الاولی، سورية، ٢٠١٣م.

٢٤_ المدخل الی علم الالسنية الحديث، جرجس ميشال جرجس،الموسسة الحديثة للكتاب، لبنان.

٢٥_ مدخل الی علم اللغة، محمد حسن عبدالعزيز، دار النمر للطباعة، جامعة القاهرة، مصر، ١٩٨٣م.

٢٦_ صناعة المعجم بين اللغتين العربية والكردية، دراسة تقابلية فی المعجمات أحادية اللغة، سەنكةر علی مامة، كلية التربية للعلوم الانسانية، أبن رشد، جامعة بغداد، دكتوراة، ٢٠١٣م.

٢٧_ الشعر الصوفي، عدنان حسين العوادي، بغداد،١٩٨٦م.

٢٨_ الشعر قنديل اخضر، نزارقباني، الطبعة الاولی، بيروت، ١٩٨٩م.

٢٩_ اللغه العليا، جونكوين، ترجمه:احمد درويش، بغداد، ١٩٩٥م.

**ج_ بە زمانی ئینگلیزی:_**

30_ Crystal, D., An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages, Blackwell Publish, 108 Cowley Oxford. Ox4. 1 JF, UK, 1992.

**د_ ئینتەرتێت:_**

31_ http://www.document.tips/document/- 547doc7cb4af9f591c8b457b.html

المعاجم اللغوية، جودت جمقجی، جامعة الملك سعود، السعودية، 1428ه. 16/3/201

## ملخص البحث

إن بحثنا هذا يحمل عنوان (علم المعاجم في بعض القصائد الكوردية )، ويدور حول دور الشعر الكوردي في اغناء قاموس اللغة الكوردية، حيث يبني الشعراء الكورد الكلمات الجديدة ويستعملونها في قصائدهم، وذلك علاوة على استعمال الكلمات الكوردية الأصيلة و التفنن فيها، وهذا ما يؤدي إلى أخذ دور علم المعاجم بنظر الاعتبار كمسألة مهمة في جمع وتفسير الكلمات الكوردية. والمنهج المستعمل في البحث، هو المنهج الوصفي التحليلي.

يتكون البحث من مقدمة و فصلين مذيلاً بالنتيجة و قائمة بالمصادر مع ملخص باللغتين العربية و الانكليزية.

يتضمن الفصل الأول جوانب في علم المعاجم ، المدخل، تعريف علم المعاجم، تأريخ علم المعاجم ، علم المعاجم من جانب الفن، علم المعاجم من جانب العلم، أنواع القواميس، إغناء القاموس، أشكال القواميس.

ويشمل الفصل الثاني جوانب من علم المعاجم والشعر الكوردية، تأريخ القاموس الكوردي، الكلمة، العلاقات المعنوية للكلمات المتعددة المعاني، العلاقات المعنوية للكلمات ذات المعنى الواحد، قاموس الشعر الكوردي.

**The Summary**

This research is under the title " Lexicology in Some Kurdish Poems." The field of the research shows the role of Kurdish poetry in making Kurdish dictionary to be rich. Although the Kurdish poets use Kurdish words in variety of ways and they use them in their poems. Because of this, this research considers the role of Lexicology as an important role in collecting and analysis Kurdish words. The way which has been used for this research, is the way of analysis describing, which has been needed to explain the research.

This research consists of an introduction, two parts, conclusion, references and the summary in English and Arabic language.

The first part has these subjects: Some aspects of Lexicology, introduction, the history of Lexicology, Lexicology according to art, Lexicology according to science, the definition of dictionary writing, the definition of dictionary, the types of dictionary, making dictionary to be rich and the forms of dictionary.

The second part talks about these subjects: Some aspects of Kurdish Lexicology and Poems, the history of Kurdish dictionary, item, the relation of meaning of the words which have many meanings, the relation of meaning of homonym and Kurdish poetry dictionary.